## شیعر بۆ منداڵان



# بەرسیلە

نووسەر:

ئەمین محەمەد

سەفحە ئارایی:

فەرزاد سەیفی کاران


## پێناسەی کتێب

ناوی کتێب : بەرسیلە

ناوی نووسەر : ئەمین محەمەد

بابەت : شیعر بۆ منداڵان

تایپ: عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی



# پێشەکی

گوڵە جوانەکانی هاوڕێم،هەمیشە حەزمکردووە کە بەرهەمەکانم بگات بە دەستی ئێوەی ئازیز،لە ڕێی گۆڤار و کتێب و سایتەکانەوە.ئەمجارەیان جیاوازتر بەم چەند شیعرە ناسك و جوان و شیرینەی وەك خۆتان ئەم دیارییەتان پێشکەش دەکەم .هیوادارم جێگەی ڕەزامەندیتان بێت.

هاوڕێتان

ئەمین محەمەد/ سلێمانی

٢٠١٧/٣/٣

# تابلۆ کێشان



ئێستا من لـە ئاسـمانم
لە ماڵی هـەورەکـانم
هاتووم بۆ وێنە کێشـان
ئەسـتێرە و هەور و باران
بە تابلۆ ئەنەخشـێنم
پاشـان بۆ ئێوەی دێنم
هـەتا ئێوەش ،بزانن
هـەور و ئەستێرەش جوانن
چـونکە تابلۆکـەم جیایە
هـەموو ڕەنگێکی تیایە

***

٢٠١٠/١٢/١

# ژیان لە دارستاندا



لە دارستان ڕاوەســـــتابــووم
لە جوڵەی گیاندار ڕامابــووم
چـــــاوم گێڕا دوو ســـــمـۆرە
بـــازبـــازێن دەکەن بە نـۆرە
ڕێوی لەگەڵ بێچـــووەکـــانی
بۆ کەژ و کێویـــان دەڕوانـــی
لە پڕ مارێك هات فیشکـانـی
ئینجا زمـانی دەرهـــــانی
ئیتر هــەریەك بەلایەکـــا
خۆیان کـرد بە پەنایەکـــا
ماریـش کـاتێ ئـەوەی بینی
وەستا لــەبەر پێکـــەنینی
وتی بۆ ترســـان بەم شـێوە؟!
هاتووم ببمــە هــاوڕێی ئێوە



***
٢٠١٠/١٢/١٩

# بابەنۆئێل



بابـــه نۆئێل منیش مــاوم
بۆ دیـــاریت بۆ نەهێنـاوم
چاوەڕێم وەك هـــەر مناڵێ
بۆ دیاری تۆ هـــەموو ساڵێ
کەچی تۆش سەرت سوڕماوە
دەڵێی دیاریم پێ نەمـــاوە
ورد گەڕاوم لەسەر نەخشـــە
تۆم نەبینیوە بمبەخشـــە
وڵاتی تۆ نـــاوی چییە؟
ئەی بۆ ناونیشـــانی نییە؟
بابە نۆئێل گوێ بگـــرە لێم
تـا پێت بڵێم کێم و لە کوێم
کوردم خەڵکی کـــوردستانم
دابەشی ســـــەر وڵاتـانم
ئەمشەو نانوم چاوەڕێی تۆم
پێم خۆشە دیـاری بێنی بۆم
***
٢٠١٠/١٢/٢٩

# کلووە بەفر



کلووی بەفر هـــاوڕێی منە
خۆشم دەوێ زۆر شـــەرمنە
بزێو نییە وەکـــو بـاران
یا وەکو تەرزەی بەهـــاران
نە لێزمەیە،نە خـــرمەیە
دەڵێی باڵی پەپـــوولەیە
ورد،دێتەخوار بە شـنەشـن
پاکو بێگەرد ،وەك دڵی مـن
( با ) دەییا بۆ جێگەی نەوی
سپی دەکا،ســەر ڕوی زەوی

***

٢٠١١/١/٢٦

# گۆرانی هەورەکان



گـــرمە گرمێ لە ئاسـمان
هـــەورەکانی داگیرسـان
بینیم چەخماخـەی دابـوو
بەگڕ، هێڵی کێشـــابوو
دەنگێکی پڕ لە جۆشـــە
بۆیە زۆرم پێخۆشـــە
هەردەڵێی مۆســـیقایە
ئـاوازی جیـا، جیـای تیـایە
بروسکـــە و گـرمە و بارانە
گـۆرانی هـــەورەکـانە
وا گـــوێم ڕادێـــراوە بـۆی
خۆزگە بمبـــات بۆ لای خۆی

***

٢٠١١/١/٢٨


# نەورۆز



من کوردم، بچکۆلانـــەم
منداڵـم، خنجیلانـــــەم
بۆ نەورۆز خــۆم گـۆڕیوە
جلی کـــوردیم پۆشـــیوە
وا هاوڕێکـــــانم دیـارن
هەموو شـاد و بەخـتیارن
چەند جوانن ، چـوم لێیە
چـە پکە نێرگـزیان پێیە
دەوری ئاگرمــــــان داوە
هەڵپەڕکێ، دەسـت گیراوە
خۆزگەی هەمــوومان وایە
کوردســـتان ئـازاد بووایە

٢٠١١/٣/٢

# تابلۆی ئاشتی



لیلۆ تابلۆی کێشـــــــابوو
یەك جوچك و پشیلەی تیا بوو
خۆیشی لایان وەســـــــتا بوو
لە هـــــەردووکیان رامـــابوو
لەبەر خـــــــــۆیەوە دەیووت
لاچۆ لای جوچکەکـــــەم، ختت
گوێچکە قووتەی ماڵان گـــەڕ
هەر دەخولێیتەوە بۆ شـــــەڕ
تۆش وەك جوچکەکـــــەم وابە
دوور لە کێشە و هـــــــەرابە
وەك هاوڕێ بن پشـــــە گیان
بە ئاشتی خۆشـــــــە ژیان

***

٢٠١١/٤/٤

# سەرچاوە



پێم ، خستۆتە ناو ئاوێ
شـــە پۆلم بۆ دەهـــاوێ
دەڵێ بابین بە هـــــاوڕێ
باڵندەش بۆ لامـــــان دێ
گەڵا و دار و باخچە و گوڵ
خۆشـــیان دەوێم پڕ بە دڵ
سەرچـــــاوەی من بارانە
کە ئەشکی هـــەورەکـانە
دادەبـــارێ جـــارجـــارێ
بە دڵۆپە دێتە خـــــوارێ
پاشان دەبێ بە لافـــــاو
دەبێ بە روبارێ ئـــــــاو

***

٢٠١١/٤/٧

# خەیاڵی یاری کردن



لەگەڵ تۆپەکەم
یاریمان دەکــرد
چۆلەکەیەك هات
لە پڕ بانگی کرد

وتی وریــا بــە
وا هـــات لافاوە
تۆپەکەت دەبات
بچـــۆرە دواوە

وتم زۆر سـوپاس
هـاوڕێی شـیرینم
هـەر لە هێلانەی
بـــەرزا بتبینم

هات دەستی گرتم
فڕین بۆ ئاسـمان
چووینە سەر پەڕی
باڵی هــەورەکان
٢٠١١/٤/٩

# پێشانگە



هـــا بۆیەکـــەت، ئەوەتانێ
هـــەر ڕەنگـەی لە لایەك دانێ
ئینجا ، پـەڕەی ســـپی بێنە
خـۆت وێنەیەك بنـەخشـــێنە
پـــاك و بێگەرد ، بێ پەڵە بێ
چەند رەنگێکی تێکـــەڵە بێ
جـــا بیبە بۆ پێشـــانگایە
هەڵیواســـە لە جێگـــــایە
کە هۆڵێکی فـــــــــراوانە
بۆ وێنەی ڕازاوە و جـــوانە
تـابلۆی هـــاوڕێکانتی تیایە
شـێوەی هەر یەکێکیان جیایە

٢٠١١/٤/١٠

# بوکەکەم



بوکـــەکـەی من ڕۆشـــتووە
بۆ ماڵی خـــڵ خـــڵ چووە
کـــــەس نازانێ لە کوێیە
بەڵام خۆم چـــــاوم لێیە
ئەزانم لای خـــڵ خـــــڵە
خـــەریکی قســـــەی زلـە
بـە گـــۆرانی و پێکـــەنین
دەســت دەکەن بە هەڵپەڕین
خـــــۆزگە زوو بێتەوە لام
چـــونکە ئێستا بە تەنیام
خۆ لە من نە ڕەنجـــــاوە
سەری لە خـــڵ خـــڵ داوە

٢٠١١/٤/٢١


# قشقەڵە



من هـــاوڕێی گورج و گۆڵم
وەکـــو ئەو توند و تۆڵم
دەڵێی پەپوولە و هەنگین
قســـە خۆش و بێدەنگین
ڕاناوەســـتین لە یەك جێ
شـــار بە شـــار و دێ بە دێ
منداڵ لە هــەر شوێنێ بێ
بۆ لای دەکـــــەوینە ڕێ
بۆ ئاهەنگ و هــەڵپەڕکێ
گاڵتە و گەپ و پێشبڕکێ
هەمیشـــە واین بە ڕێوە
دەفڕین دێین بۆ لای ئێوە

٢٠١١/٤/٢٤

# وێنەی خۆر



وێنەی خـــۆرم کێشـــاوە
تیشـــکی پـــرژ و بڵاوە
ڕەنگی زەردی ئاڵتـــونی
پرشنگ دەدا بە ڕونـــی
پەڵە هـــەورێك لەو لاوە
بێدەنگ خۆی مەڵاس داوە
دەڕوات هەنگاو بە هەنگاو
خۆر دا پۆشێ لە ناکـــاو
بەڵام خـــۆر زۆر بزێوە
خێرا دەڕوات بـــە ڕێـوە
هەورەکە پێی ڕاناگـــات
هەر چەندە پەلەش بکات

٢٠١١/٤/٢٥

# دایك



دایکم خۆشـــەویستە لام
کە دوور بێت لیّم ، بە تەنیام
ئاگای لیّمە گشـــت شەوێ
چـونکە منی خۆشـــدەوێ
دەمپـارێزێ لە ســـــەرما
شنەی ( با ) یە بۆ گـــەرما
دەڵێ رۆڵەی شـــیرینم
هێز و هەناســـە و تینم
وەك باخچـــەی بەهار وابە
روناکـــایی چـــرابە
خۆزگـــە ژیـــان وابوایە
دایکم هـــەر لە لام بوایە
ئەوسا بۆ خۆم بە شـــادی
خەندە و ئـــارامیم دەدی


٢٠١١/٥/١٩

# هاوڕێیەتی

- کۆترەکـــەمـم هێناوە

لای پشــــیلەکـە دامناوە
دەڵێم میوانــە لای تـــــۆ
ئاگاداری بە مــە یخـــــۆ

- بۆ تــۆ دەزانیت من چــیم



خۆ من پشیلەی راستی نیم
هەر چەند ســـمێڵم قنجە
بەڵام جەســـتەم ئیسفنجە
من بێدەنگ و لەســـەرخۆم
چۆن دەبێ گیاندار بخـــۆم
تۆ دیـــــاریت هێناوە بۆم
من دەیکەم بە هاوڕێی خۆم

٢٠١١/٥/٢٤

# بــەرخ



وەرە بۆ لام نەرم و شـــــڵ
بەرخی زەنگۆڵە لە مـــــل
خنجیلانەی بێچوی مــــەڕ
دایکت ڕۆیشت بۆ لــــەوەڕ
ئەو تۆی بیر نـــاچێتەوە
زۆر زوو دەگـــــەڕێتــەوە
چەندە جـــوان و دڵگیرە
کاتێ گـوانی پڕ شـــیرە
کە هـــاتەوە نۆشـــیکە
بە باعـــە دڵخۆشـــیکە

٢٠١١/٥/٢٧

# ئامادەکاری



ئامـــــادەم خۆم گۆڕیوە
پۆلی یەکـم بڕیــــوە
جانتاکەم هـەڵدەگرم زوو
جا دەچـــم بۆ پۆلی دوو
دەفتــــەری وێنەم پێیە
لەگەڵ دەســـتەیەك بۆیە
تابـلۆی دار و چۆلــەکـە
دەكێشــــم بۆ پۆلەکە
تا جـــوان و ڕازاوە بێ
وەکو خۆم گەشـــاوە بێ

٢٠١١/٦/١٦

# تینوێتی

وا پەڵە هەورێك
بەرێکـــەوتووە
هەر دەڕوا و دەڵێ
کێ تینووی بــووە



دار و گـوڵ و گیا
هەموو وەســتاون
زۆریان تینـــووە
چاوەڕێی ئـــاون

چۆلــەکە و ڕێوی
لای دارێکــەوەن
لە هاوڕێ دەچــن
ئێســتا پێکەوەن

دەڵێن هــەورەکە
وەرە زوو بە دەی
بۆ هەموو جارێ

## تینوومان دەکەی

گرمەی هــەورەکە
لەگەڵ هێزی بــا
هەردوو بە جووتە
بارانیـــــان هێنا

٢٠١١/٦/٢١




# تابلۆی دارێك



لە خەومـــا بینیم لێوان
وێنەی داری ئەنەخشـــان
کە چۆلەکە بە رێکـــەوت
چاویان بەو دارە دەکـەوت
دەفڕین تـا پێی دەگەشـتن
جا پێوەی هەڵدەنیشـــتن
جریووە، جریوو، خنجیلانە
دەیانکـــــرد بە هێلانە
کە (بـــا) دەی لەرانەوە
زیاتر دەی شـــەکانەوە
نیگـــارێ بوو بێ وێنە
شەوقی ئەدا بەو شـــوێنە

٢٠١١/٦/٢٦

# قازێکی بچوک



بێچووه قـــازێکی خڕپن
خۆی حەشـــارداوه لە من
ئای خۆزگـــه بمزانیایە
ئێســـتا ئەو لە کوێدایە
زۆر شوێنی بۆ گـــەڕاوم
لەتاوا حە پەســـــاوم
شـــێوەی قنج و زیتەڵە
وردیلانە و ژیکـــــەڵە
دەهات ،دەچوو لەم ناوە
لەلای ئەم حەوز و ئاوە

٢٠١١/٧/٢

# دڵنیایی




شـەوێ لە کاتی نوســـتن
مانگ دابەزی بۆ لای مـن
ورد ورد هات و لەسـەرخۆ
دەستی کرد بە گفتوگـــۆ
وتی منیش تەنیا بـــووم
لەو ئاسمانە وەستا بووم
کە تۆم بینی لەسـەرجێی
تاك و تەنیا، بێ هاوڕێی
بۆیە بۆ لای تۆ هـــاتم
پڕ خەندە بێ گشت کاتم
هەتا تۆش بە ئاســـایی
بنـــــووی بە دڵنیایی

٢٠١١/٧/٥

# بێچوە ماسی

ماسی یە ڕەنگا و ڕەنگەکە
بچکـــۆلە بێدەنگـەکە
گـــوێم لێتە دەچـرپێنی
دەم بـــۆ کـێ دەجـــوڵێنی؟
خـــۆ دەتبینم بە تەنیای
بۆ لە هـــاوڕێکانت جیای
دەی کـلکـت بجـــوڵێنە
ئازایـــــەتی بنـوێنە
شـــە پۆل بخـــەرە لەرە
شـــادی بۆ دەریا بـــەرە



٢٠١١/٧/٦

# باکووری نیشتمان

ڕۆژێك من بە تەنیا بـــووم
لە نیشـــــتمان ڕامابـــووم
خەیاڵم چـوو بـوو بۆ دوور
تاکو گەیشتمە باکـــوور
شـــار بە شـاری دەگەڕام
ئای خۆزگە هەر لەوێ بام
پۆلێك منداڵ ورد و جـوان
لە( ئامـەد ) وەك ئێوە وان
ڕایاندەکرد بۆ ســەر ڕێم
چە پکە گوڵێك بدەن پێم
وەك پەیـــامێك لەوێوە
بیهێنمــــــەوە بۆ ئێوە




٢٠١١/٧/٩


# هەنگە وردیلە



هـــەنگێکی بچکـــۆلانە
هـــاتۆتەدەر لە شـــانە
وەك خـــاوەن هێز و بڕوا
بـــاڵ دەبـــزوێنێ و دەڕوا
بە نیازی هەنگوین خواردن
دەســـت دەکا بە کارکردن
هەڵدەفڕێ، ســەما دەکـــا
شـــیلەی گوڵ پەیدا دەکـــا
دەبڕێ ئەو ڕێگـــا دوورە
دەیهێنێ بۆ ناو پـــوورە
چونکـــە لەلای ئەو وایە
چێژ لە کارکـــردندایە

٢٠١١/٧/١٢

# باڵندە



باڵندەیەك دەخـــوێنێ
وا بە جۆش دەجـــریوێنێ
بەچریكە مەستی كردوم
هەســـت و خەیاڵی بردوم
ئەوەندە سەر سـامم پێی
چـــاوم ناتروكێنم لێی
بۆیە پێم خۆشە هـەردەم
گوێی لێبگرم،سەیری كەم
چونكە ســــرك و بزێوە
جوڵەی ناو دەشـــت و كێوە

٢٠١١/٧/١٣

# فریاکەوتن



چۆڵــەکەکە بفــڕە دەی
تاکەی هەر چینە دەکەی؟
پشیلــە بۆرە ڕۆشـــتوە
ئەم نـــاوەی جێهێشـــتوە
ئێســتا من نازانم کـــوا
نەوەك بێچووەکەت بخـــوا
فریای کــــەوە تـــازووە
تـا لە دەست دەرنەچووە
ئێستا خۆی بۆ ماتداوە
خۆی خســـتۆتە پەناوە
تۆ بفــڕە و منیش دەڕۆم
تـا مشـــــورێکتان بخۆم

٢٠١١/٧/٢٤


# باخەوان



باخەوانم ، ئێسك ســـووكم
چوست و چالاك و چا پووكم
من خـــاوێنم، گوڵ دەچێنم
دوارۆژی خۆم دەنەخـــشێنم
من خنجیلەم، زۆر نەشمیلەم
ڕوناكیی چـــاوم ، بیلبیلەم
زەڕنەقوتەی نـــاو هێلانەم
هۆی مـــانەوەی ئەم ژیانەم
من بەم شـــێوەم، ژینی ئێوەم
بۆ گەورەبـــوون، وا بەڕێوەم

٢٠١١/٨/٨

# پێڕەوکە



دەی هەناســـە و هێزی بابە
ورد بجوڵێ ،ســـــتی لابە
پێت هەڵبێنە ،دەی هەنگاوێ
بۆ وەســـتاوی؟ ترسی ناوێ
قەینا با بشـــکەوی جارێ
دەســـــت بگرەوە بە دیوارێ
تازە خونچەی ئەم بەهـــارە
لە خۆت جـــوانە دارە دارە
بە لەرزە لەرز،ڕاوەســـتاوی
وەك شە پۆل و لەرەی ئـــاوی
دەی بەبە گیان،ئێســـتا بڕۆ
مژدەت لێبێ ،سەرکەوتیت تۆ
گرنگ هەر یەکەم هـــەنگاوە
وا تۆش ئەو هـەنگاوەت ناوە

٢٠١١/٨/١٢

# گوڵە ئەستێرە



خۆزگە ببمە ئەســـتێرە
بکشێم بە ڕوی ئاسمانا
وەك پەپوولە باڵ بگرم
لە دامێن هەورەکـــانا
***
سەربەست بســـوڕێمەوە
لە ئاســـمانی بێسنور
تا چاو بڕکات، بڕوانم
بۆ ورشە و پرشنگی دور
***
نەنوم هـــەتا بەیانی
بە چرپە مانگ بدوێنم
وەك باڵندەی حەپەساو
لە تیشـــك ڕا بمێنم
***
پۆلێ لە گوڵ ئەستێرە
تیشك بدەن لە ئاسمان
ئەوسا دەبینم گـەردون
چۆن دەبێتە چـراخـان
٢٠١١/٨/١٨

# ئاسـوده



پە پوولەیـەك وەك هـاوڕێ
بە چـرپە بـۆ من دەدوێ
ئەو پێم دەڵێ گـشت کـاتێ
گوڵ ، ئـارامیـم دەداتێ
بە ڕەنگی جوان ، بۆنی خۆش
منی هێناوەتە جـۆش
جێی حەسـانەوە و یاری
ئەو بۆم دێنێ بە دیـاری
من هاوڕێی گوڵم هـەردەم
بۆیە ئاوا ئاسـودەم

٢٠١١/٩/٥

# بەرسیلە



نەمــــامێکم ڕوانــــدووە
مێوێکە زۆر گــەورە بـــووە
گــەڵای پان، پــــرژی بڵاوە
لەســەر کە پرێ ڕاوەســـتاوە
پێچـــاو پێچ و بـــاڵا بەرزە
بەرسیلەی گرتووە وەك تەرزە
دەستم نایگـــاتێ ،ناتوانم
لە دوورەوە بۆی دەڕوانـــــم
کە دەیبینم هەموو جـــارێ
ئاو بە دەمما دێتە خـــوارێ

٢٠١١/٩/٧

# دابڕان



پەڵە هـــــــەورێك دابڕاوە
لە ئاســــــماندا بەجێماوە
ئێســـــــتا خێرا دەڕۆم بۆ لای
دەڵێم وامــــــەزانە تەنیای
ئەم ئاســـــــمانە فراوانە
جێی ئەستێرەی گەش و جوانە
هـــــەرگیز ڕێگە نادەن وابی
چۆن دەهێڵن بە تەنیـــــابی
هەر ئێســـــــتا دێن بە لاتەوە
( بـــــــــا ) دەنێرن بتباتەوە

٢٠١١/٩/١٠

# پێشکەش بە تەواوی منداڵانی کوردستان